# له پەرلەمانی ئەوروپا یادی 109 ساڵەی رۆژنامەوانی کوردی دەکرێتەوە

بەبۆنەی 109 ساڵەی رۆژی رۆژنامەوانی کوردییەوە، بیرۆی پەیوەندی و زانیارییەکانی کورد لە برۆکسل لە ژێر چاودێری پەرلەمانتاری ئەوروپی خاتوو (ئان ڤان لانکەر) رۆژانی 16 تا 2007/4/20 لە تەلاری پەرلەمانی ئەوروپا پێشانگای "مێژووی رۆژنامەوانی کوردی" بۆ نووسەر و رۆژنامەوانی کورد (رێناس نەورۆزی) بەرێوەدەبات. ئامانج لەم پێشانگایە ناساندن و نیشاندانی خەباتی رۆژنامەوانی و فەرهەنگی میللەتێکی دابەشکراوی زیاتر لە 40 ملیۆنی وەك کوردە، کە سەرباری سەرکوتکردن و پەرتەوازەکردن و دابەشکردنی نیشتیمانەکەیان، لە پێناوی پاراستنی زمان و فەرهەنگ و بوونیان و لە پێناوی ئازادی گەلەکەیان بە پێنووس و پەیڤی ئازادیان لە کوردستان و لە هەندەران بەردەوام لە تێکۆشاندابوونە. لە پێشانگاکەدا وێنەی یەکەم رۆژنامەی کوردی (کوردستان) کە لە رۆژی 1898/4/22 لە قاهیرە دەچووە، لەگەڵ وێنەی ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکانی کورد و ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەم سەردەمە نیشاندەدرێت.

پێشانگاکە لە رێوەرەسمێکی شکۆداردا دەکرێتەوە و تێیدا وتار سەبارەت بە رەوشی کورد لە رابردوو و ئەمرۆدا و رەوشی ئێستای رۆژنامەوانی کوردی پێشکەشی ئامادەبووان دەکرێت. هەروەها لە هەمان بۆنەدا نەخشە مێژووییەکەی کوردستان کە لەلایەن (بزاڤی خۆییبوون)ەوە دروستکراوە و پێشکەشی کۆنفرانسی (سانفرانسیسکۆ)ی ساڵی 1945 کرابوو نیشاندەدرێت.